کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:28 8-11-2007

**که یاداشتەکانی (بول بریمەر)م خوێندەوە، لەبەردەوامی یاداشتەکانی کاک (نەوشیروان مستەفا) دا... پـارێزەر: بێستون محەمەد ساڵح مستەفا**

کتێبەکەی دیبلۆمات (بۆل بریمر) بەنێوی (عام قضیته في العراق النضال لبناء غدٍ مرجو) بە هاوبەشی (مالکولم ماك-کونل) ... وەرگێرانی (عمر الایوبی) ... ئەم کتێبە تەنها کتێبە کە دیدگەی لێپرسراوێکی پایە بڵند لە ناوەوە و لە ساتە وەختەکانی کەناجێگیری باڵی کێشاوە بەسەر ئێراق لە دوای هەرەس و ڕووخانی سەدام حسین... تیایدا بریمەر درێژەی ململانی شاراوەکانی پێشوو دەخاتە ڕوو لە نێوەندی سیاسەتمەدارە ئێرەقیەکان و سەرکردە ئەمریکییەکان. دەمانگوێزێتەوە بۆ کوچەو کۆڵانە کۆنەکانی نەجەفی پیرۆز بۆ ژووری کار لە کۆشکی سپی و بازنەی پەیوەست بوونی دەرەوە لە پنتاگۆن (مەبەستی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی پنتاگۆنە) .

یاداشتەکانی بریمەر ڕامان دەگوێزی بۆ پشت دەرگا کلۆم دراوەکانی بەغدا، لە سات و کاتی دانوسان لەتەك سەرکردە ئێراقیەکان کە لە هەوڵی دامەزراندن و تەشکیلکردنی دام و دەزگا دیموکراسیە زیندووەکانن بۆ ئایندەی ئێراقی خوازراو. کۆبوونەوە گەرمەکانی نێوان _ بۆش، دیك شینی، کوندالیزارایس _دەبینین. دیدگە و هەڵی بی پەروای بریمەر لەتەك بۆ چوونەکانی سەرۆك بۆش بۆ دامەزراندنی ئیراقێکی نوی و ئازاد و دیموکراس دەبینین...

تیایدا هەوڵەکانی بریمەر بۆ داکۆکیکردنی ڕاو دیدگەکانی لە بەرامبەر ژەنەراڵ و لێپرسراوە مەدەنیەکان لە وەزارەتی بەرگری سەبارەت بە کەمکردنەوەی ژمارەی هێزی ئامریکا لە ئێراق ئاڵ و وێرکردنیان بە پۆلیس و سەربازی ئێراقی.

گێڕانەوەی سەرکوتکردنە سیخورییەکان کاتێك بریمەر هەستی پێدەکا سەبارەت بە چەکی ئەتۆمی ئێراق و لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە، لە هەمان کاتا قەیران و نارەزاییەکان زیاترو زیاتر دەبی.

بریمەر تەواوی ئەو کێشەو گرفتانە کە دووچاری بووە لە کاتی ئیشکردنیدا لەتەك خێڵە جیاوازە ئێراقیەکان بۆ گەیشتن بە ڕێچکەی حوکمەتێکی مەسئول و نوێنەرخواز، لە هەمان کاتا جەخت و فشاری هەندی لە ئەندامانی حوکمەتی ئەمەریکی و هاندانی بۆ پەلەکردن و خێراکردن بۆ تەسلیم کردن و سپاردنی دەسەڵات بۆ ئۆپۆزسیۆنە دوورخراوەکان کە دژی سەدام لە دەرەوەبوون...

ئەم کتێبە پێویستە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە گرنگی دەدەن بە چیرۆکی ڕاستەقینەی کارکردنی ئامریکا بە ترسناکترین قەیران کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە لە دەرەوە بخوێنرێتەوە.

بریمەر، دیبلومات و نێراوی سەرۆکایەتی بۆ ئێراق لە نێوان مانگی ئایاری 2003-مانگی حوزەیرانی 2004..

(23) ساڵ لە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا وەك فەرمانبەرێکی تایبەت کاری کردووە لە بۆ (6) وەزیری دەرەوەی ئامریکاو خزمەتگوزارییەکانی لە چوار کیشوەری دونیا درێژە پێداوە..

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو (بیست)، سەفیری ئامریکا لە هۆڵەندابووە. دەست نیشان کراوە وەك سەفیری مەکوکی بۆ دژەتیرۆر. پاش ئەوەی لە کاری حکومی دوور کەوتۆتەوە، پایەی بەڕێوەبەری ئیداری دەزگای (کیسنجر ئوسوسیتس) بووە.

لە کانونی یەکەمی 2004سەرۆك بۆش مەدالیای ئازادی بەخشیوەتە بریمەر لەبەرابەر ئەو خزمەتەی کە لە ئێراق کردویەتی...

ئەمەی سەرەوە پێشەکی کتێبەکەی بریمەرە وەك خۆی ووتویە بەکارم هێناوە بۆ زیاتر شوناس و نزیك بوونەوە لە یاداشتەکانی ڕۆژانەی ساڵێکی ئەم نێراوەی سەرۆکایەتی ئامریکا تا بەکاری حکومەتی ئەمەریکی لە ئیراقا هەڵسی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیاره ئـەم کتێبـه گـەر چـی باسکردن و خوێندنـەوەی درەنـگ کـەوتووه لـی گرنگـه بزانـری ڕی و شـوێنی پێکهێنانـەوەی دەوڵـەتی ئێراق و کێشمه کێشی لایەنه سەرەکییەکان هەر لە دروست بوونی (مجلس حکم) و کاری (سولتەی ئیئتیلافی کاتی) لە ئێراق و گەلی لایەنی شاراوەی دی کە تایبەتە بـە بریارو زانیاری و پێکهاتـەی کیانـاتی سیاسی سـەر گۆرەپانی ئێراق و کۆمەڵـەی حـەوت سـەرکردەکە و دامـەزراندنی حوکمـەتی کـاتی ئیراقـی و یاسای بـەرێوەبردنـی دەوڵـەت و دارشتنی دەسـتورو بـۆ چوونـەکان و کێشمه کێشی سەرکردە عەرەبی و کوردەکان و چۆنیەتی خوێندنەوەی بۆ شیعەو سونەو کورد و کـەمە نـەتـەوەو رۆڵـی ئـافرەت لـە ئێراقی ئایندەو جێگـەو پێگـەی فتـوای مـەرجـەعـی شیعی و کـارکردن و خۆگرتنـەوە و هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەی وولاتێك لەسەر فەتوای مەرجەع و ئیعترافکردنی بریمەر بـەوەی کە یەکەم کـەس کە نهێنیەکـانی لـەلا درکـانوە بـۆ چۆنیـەتی کـار ی لـە ئێراق ئیبراهیم جـەعفـەری بـووەو پەیمانەکانی بۆشیعەو وەبیرخستنـەوەی رۆڵی شیعە لە مێژووداو هەوڵدان بۆ ئـەوەی ئـەمجارەش مێژوو غەدریان لێنـەکاو سواری ئـەو شـەمـەنـەفـەرەبن کـە ئاینـدەی خۆیـانی تیـا ئـەدۆزنـەوە و تـەریکبوون و لاکەوتن لە بەرژەوەندی ئەوان نابی و...

لە فەوزاوە دەست بەکاری خۆی دەکا و لێپرسیاویەتی خۆی دەگرێتـە دەست و لـەهـەوڵـی بونیاتنانـەوەی وولاتێکی داروخاوادەبی و سەماو نازومەکری سیاسیە ئاڵۆزو فرە رەهـەندەکانی سـەر گۆرەپانی ئێراق دەخاتە روو، بەرای خۆی هیوایەکی دووربەلام گەشبین و ئاسودە لە دیدگەی خۆیەوە بەرنامە رێژدەکا... لای بریمەر مێژوو بەهەراسان ناوزەنددەکا، گەلی پرسیار بـە مێشك و شێوەی کـاری خـۆی و راوێژکـارو ستافەکەی دی و زۆر جار دەپرسی داخۆ ئامریکا توانای ئـەم گـەرمییـەی هەیـە؟؟. دەکری ببینـە نـەخشـە رێژی دیموکراسی لە وولاتەدا؟؟لەهەمان کتی بیرکردنەوەدا خەیاڵی بـە دوی سـەدام و گرتن بـووە وێرای کورەکانی پاشان تاوانبارانی حیزبی حاکم و دەست و پێوەندە نزیکەکانی..

گێرانـەوەی کوشتارو دەست پێکردنـەوەی شـەر و نووسینـەوەی دەستوورو ئـاڵۆزی و سـەرهـەڵدانی گـری کوێرەو بەرزبوونەوەی دیواری سەخت وناتەبا و هەوڵ و کۆششی بەردەوام و ئەنجامی هەست پێنـەکراو لەبەرچاو تا ئەو کاتەی ئێراق دەبێتەوە بە وولات و دێتەوە نێو کۆمەڵگەی نێو دەوڵتی دیارە ئـەمە لـە رەهـەنـدەکـانی بریمـەرو لـە یاداشتـەکانیا ئامـاژەی پێکـردووەو لێکۆڵینـەوەو باسـەکـەی بـەو ئاقـارەدا رۆشتووه...

ووردەکاری لە یاداشتەکانی بریمەردا زۆر سەرنج راکێشەرە دۆسی و ئەجندا گشتی و تایبەتیـەکان هـەر یەك وەسفی خۆی هەیە کەسایەتیە سیاسیە ئیراقیـەکان سەرجـەم باس دەکاو بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی ریز بـەند دەکـاو زۆر بـەئاشکرا وەسف و پێناسـەی یـەکـە بـەیـەکـەیان دەکـاو لـە کـاتی پێویستا خوێندنەوەی خۆی لەو بارەوە تیانووس دەکا.

بە هەڵوەشانەوەی دام و دەزگای دەوڵەت دەست پێدەکاو هەڵکێشانی لە رەگەوەی بەعسییەکان ودوور خستنەوەیان لەسەر کاری دەوڵـەت و راگرتنـی ئـارامی و هێمنـی و دیاریکردنی کـەسانی فـەرهـودچی و تالان چی تا ئاستی سزاو پێدانی موچەی فـەرمانبـەرو خانـەنشین و بـەسـەرکردنـەوەی دامو دەزگاکان بـەتایبـەت خزمـەتگوزارییـەکـان وەك پۆلیس تـەندروستـی... دابینکردنـی خـۆراك و هێنانـە نـاو ووەی نەتوەیەکگرتووەکان لەم سات و وەختەو هاوکاری و هاریکاری و سەرفکردنی ئەو برە پارەیەی کە نـەوت لە بەرامبەر خۆراك هەبووە (بریمەر ئەم گرێبەستە ناو دەبا بە نەوت لەبەرامبەر دروستکردنی سەدان قەسر)، رێکخستنەوەو نزیککردنەوەی بۆچوون و دیدگەکان و هـەوڵدان بۆ کۆبوونـەوەیان و لێکگەیشتن و کارو وەفای خێڵەکان وەلاو هاوکاریان بۆ دروستکردنـەوەی وولاتـی ئیراق دەیان ووردەکاری ترو سـەرنج راکێش ئەم یاداشتانـەی رازانووەتەوەو بۆتە سەرەداوێکی بەهێز بۆ تێروانین و بـەرجـەستـەکردنی دیدو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-11-2007 14:28

بۆچوونەکانی کۆمەڵگەیەکی سەرسورهێنەرو بەزۆر گرێدراو بەیەکبەستنەوەی ئەم وولاتە لە پێناو ئەوەی بەیەك پارچەیی بمێنێتەوە بەدەر لەم بۆچوونە هەر بۆ چوونێکی دی قابیل و بەهێند وەرناگیری لە لایەن حکومەتی ئەمریکی و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی...

دیارە کاك نەوشیروان مستەفا وەك بەرپرسێکی کورد هاوبەشی کۆبوونەوەکانی بەغدای کردووە ئێستا بەزنجیرە یاداشتەکانی دەخاتە روو، لەو مەنزوورەوە یاداشتەکانی کاك نەوشیروان تا ئێستا و تانووسینی ئەم بابەتە حەوت زنجیرەی دابەزیوە پشت بەخوا لە دوای کۆتایی هاتنی زنجیرەکانی دیدو بۆچوونی سەرکردەیەکی کورد لە بونیادنانەوەی نیزامی سیاسی وڵاتێکی دارووخاو زیاتر سەرنجمان رادەکێشی و ئەگەری شڵەقانی گەلی پرسیار سەر هەڵدەدا!!!... تا ئەو کات بە قسەیەکی بریمەر بەجێتان دەهێڵم (دارشتنەوەی ئێراق بەسیاسەتێکی ئارام تەنها دام و دەزگای دیموکراسی نا خوازی بەڵکە دارشتنی دام و دەزگای مژینی ئەگەرە ترسناکەکان پێویستمان بە دارشتنی کۆمەڵگەی مەدەنی، روژنامەگەری ئازاد، نیقابەی کرێکاران، پارتە سیاسییەکان، رێکخراوە پیشەییەکان هەیە تا لە خوێن مژی و هێزی حوکمەت بە دوور بین... ) ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.